# بەناوی خودای میهرەبان

## ساڵی نوێی خوێندنتان پیرۆزبێت

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# ئەدەبی بەراوردکاری

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی زمانی کوردی

قۆناغی سێیەم \ ئێواران

کۆرسی یەکەم

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# زانا بەزانست گەر ڕەفتارنەكات
# وەك كوێرێك وایە چرایەك هەڵكات

ئومێد عزیز مستەفا
دكتۆرا لە ئەدەبی نوێ
ژمارەی مۆبایل:
٠٧٥٠٢٤٢٥٤٠٥
Umed.mstafa@su.edu.krd

# كۆرس بووك

- **پرۆگرامی بابەتی ئەدەبی بەراوردكاری:**
- **. ئەدەب چییە؟.**
- **چەند پێناسەیەكی ئەدەب.**
- **-چەند پێناسەیەكی ئەدەبی بەراوردكاری.**
- **-وشەو زاراوەی ئەدەبی بەراوردكاری.**
- **- مانای زانستی ئەدەبی بەراوردكاری.**
- **-(تایبەتمەندیەكانی لێكۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردكاری لە ئەدەبی نەتەوایەتی)دا.**

# ئەدەبی بەراوردکاری

- گرنگیی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری.
- ئەدەبی بەراوردکاری وەک زانستێک.
- مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەدەبی بەراوردکاری.
- ڕەگ و ڕیشەی ئەدەبی بەراوردکاری.
- قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری.

# ئەدەبی بەراوردکاری

- **قوتابخانەکان.**

١– قوتابخانەی فەرەنسی

٢– قوتابخانەی ئەمریکی

٣– قوتابخانەی ڕووسی

٤–قوتابخانەی ئەڵمانی

-مەرجەکانی لێکۆڵەر.

- بەراوردکاری لەئەدەبی کوردیدا.

-هۆکارەکانی پەڕینەوەی کارتێکردنی ئەدەبی.

-مێژووی بەراوردی ئەدەبی لەهەندێ وڵاتانی جیهانیدا. وەك(بەراوردی ئەدەبی لە ئەڵمانیا، لەئیتاڵیا، لەئینگلتەرا، ئەمریکا، رووسیاو میسردا).

چەندنموونەیەکی پراکتیکیی بەراوردی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا.

# سەرچاوەکان:

**کتێبەکوردیەکان**

-ئەدەبی بەراوردکاری، کمال معروف،٢٠٠٨.

ئەدەبی بەراوردکاری،ابراهیم احمد شوان،٢٠١٤.

ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیزگەردی، ١٩٧٨.

ئەدەبی بەراوردکاری،هەژار رەحیمی،٢٠١١.

مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار،٢٠١٠.

**کتێبە عەرەبیەکان**

الادب المقارن،محمدغنیمی هلال،١٩٧٣.

الادب المقارن والادب العام،ریمون طحان،١٩٧٢.

# سەرچاوەکان


الادب المقارن،طه ندا،١٩٧٣.

دراسات فى الادب المقارن،على درويش،١٩٧٢.

دراسات فى الادب الفرنسى،على درويش،١٩٧٤.

الادب المقارن، ابراهيم عبدالرحمن،١٩٧٨.

دراسات فى الادب المقارن، بديع محمد جمعه ،١٩٨٠.

الادب المقارن،جميل نصيف،١٩٨٩.

الادب المقارن- مشكلات و افاق، عبده عبود،١٩٩٩.

الادب المقارن- حاضن فكره العالميه ،حسام الخطيب،١٩٩٠.

# سەرچاوەکان

الادب المقارن بين النظريه والتطبيق، رجاء عبدالمنعم جبر،١٩٨٦.

الادب المقارن، جميل و داود،١٩٨٩.

**کتێبە فارسیەکان**

ادبيات التطبيقى نقدونظر، ايلميرا دادور،١٣٨٤.

ادبيات التطبيقى، زهرا خسروى،١٣٦٥.

ادبيات التطبيقى،بهمن تيمور،١٣٧٨.

# سەرچاوەکان

درآمدی بر ادبیات تطبیقی، علی رضا،١٣٨٩.

ادبیات التطبیقی مبانی کاربستها،معصومه نعمتی قزوینی،١٣٩٠.

ادبیات التطبیقی درجهان معاصر،ناصر محسن،١٣٩١.

همزیستی ادبیات التطبیقی ونضریهای ادبی،سیدعلی،١٣٩٠.

کاوشنامه ادبیات تطبیقی،امیر حسن پور،١٣٨٢.

# ژیان تێکۆشانە ، تێکۆشانیش بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانە

بەهیوای سەرکەوتن

بۆ

هەمووان

# ئەدەب چییە

ئەدەب کارتێکردنە، کەلەئەدیبەوە بۆ خوێنەر دەگوازرێتەوە. ئەدیب پێویستەهانا بباتە بەرجوانی لەکارەکەی، چونکە هۆیەکە لەهۆیەکانی کێشکردن و سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی کارتێکردن.ناتوانرێت ئەدەب لەخەیاڵ جیابکەینەوە، چونکە ئەدەب خۆی لەبیرو هزرو خەیاڵی ئەدیب دا دەبینێتەوە، لەڕێگەی زمان و وشەوە هەست بەوبیرو خەیاڵ و سۆزە دەکرێت و دەبێتە بنەماو ڕەگەزی سەرەکی بۆ ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبیەکان.

# چەند پێناسەیەکی ئەدەب

ئەدەب زۆر فراوانەو پەیوەندی بە هەست و دەروونی مرۆڤەوە هەیە بۆیە کاتێك پێناسەی دەکەین چەندین مانای جۆراو جۆرو فراوان لەخۆی دەگرێت. یەکێك لەوپێناسانە دەڵێت : ئەدەب ئاوێنەی گەلە، چونکە هەر ئەدەبێك لە ناوەوەی میللەتەکەی خۆی سەر هەڵدەدات.

ئەدەب: دەربڕینێکی زاتیە لە روخسارێکی جوان وپڕشنگدارەوە هەڵدەقوڵێت. پیناسەیەکی تر ئەوەیە کەدەڵیت: ئەدەب کاریگەریە لەڕووی زمانەوە، چونکە هەرکاریگەریەك لەرێگای زمانەوە بێت ئەدەبە. کەواتە لێرەدا سێ کاریگەریمان هەیە:(کارلێکەر،کاریگەر، کارلێکراو).

# چەندپێناسەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری

ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە پشکنین و شیکردنەوەی وێکچوون و پەیوەندی نێوان ئەدەبی گەل و نەتەوە جیاوازەکان.

ڤان تێیگم دەڵێت:مەبەستی ئەدەبی بەراوردکاری لەبنجدا دیراسەکردنی چەندین ئەدەبیاتە کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە.

رینیە ویلك دەڵێ:ئەدەبی بەراوردکاری ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبیەیە کە سەر بەخۆیە لە هەموو سنوورێکی زمانی و نەژادی سیاسی.

محمدغنیمی هلال دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری باس لەشوێنی بەیەك گەیشتنی نێوان زمانی ئەدەبە جیاوازەکان و پەیوەندییە فرە ئاڵۆزەکانی ئێستاو رابردوو دەکات، ئەو پەیوەندیە مێژووییە چ کارتێکردن و کاریگەریەکی هەیە، ئینجا دیاردەی ئەو کارتێکردن و کاریگەرییە پەیوەندی بە رەگەزە ئەدەبیەکان یان بەشە شەپۆڵەکانی هزرەوە بێ، یان بەسروشتی بابەتەکان و هەڵوێست و کەسەکانەوە بێت کە لە ئەدەبدا لاسایی دەکرێنەوە.

# چەندپێناسەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری لەئەدەبی کوردیدا

عەزیزگەردی دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری بۆ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەکاردێ کە ئیشی دۆزینەوەو ساغ کردنەوەو ڕوون کردنەوەی کاریگەری نێوان ئەو ئەدەبانەیە کە کاریان لە یەك کردووەو سوودیان بەیەك گەیاندووە.

مارف خەزنەدار دەلێت:لە بنج و بناوانی پەیدابوونی بەرهەمی ئەدەبی دەدوێ، لە بنیادو نەژادی دەکۆڵێتەوە، لەسەرچاوەی ئیلهامی نووسەر و شاعیر دەگەڕێ بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی بەرهەمەکە پێوەندییەکی بە ئەدەب و کولتووری نەتەوەیەکی دیکەوە هەیە.

# وشەو زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری

یەکەم جار کە ئەدەبی بەراوردکاری وەکو زاراوەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەکار هاتبێت، لە سەدەی نۆزدەهەم بوو، کاتێك کە ڤیلمانی فەرەنسی لەساڵی ١٨٢٧ لە زانکۆی سۆربۆندا لە موحازەرەکانی بەکاری هێناو پاشان لە ساڵی ١٨٣٠بەدواوە لە گەلێ کۆڕو کۆبوونەوەدا کردی بە ناونیشانی موحازەڕەکانی و ساڵی ١٨٤٠یش خستیە ناو کتێبەکانی و بەتەواوی چەسپاندی، یەکەم کەسیش کە لەئەدەبی ئینگلیزیدا بەکاری هێنا(ماتیۆئارنۆلد)بوو. فەرەنسیەکان زاراوەی(بەراوردکردنی ئەدەبی)یان بەکارهێناوە، ئینگلیزەکان(ئەدەبی بەراوردکاری)یان بۆ داناوە، ئە ڵمانیەکان باسی(مێژووی ئەدەبی بەراورد)دەکەن و عەرەبەکانیش(الادب المقارن)یان ووتووە، فارسیش(ادبیات تطبیقی)دەڵێن.

لەکوردیشدا(ئەدەبی بەراوردی ئەدەبی)یان (بەراوردکاری)پێ دەڵێن کە لە عەرەبیەکەوە وەرگێڕدراوەتەسەرکوردی. زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری، لەزمانی کوردیدا لە دوو وشە پێکهاتووە، وشەی(ئەدەب) کە لەزمانی کوردی و زمانەکانی تریش زۆری لەبارەوە نووسراوە تارادەیەکی باش جێگای خۆی گرتووە، وشەی دووەم (بەراوردکاری)یە، ئەمەشیان وشەیەکی لێکدراوەو لەسەر شێوەی گەلێ وشەی تری رەسەن و خۆماڵی دارێژراوە وەکو(دارکاری، سپیکاری، تەونکاری، سەنعەتکاری،قورکاری، بیرکاری،خزمەتکاری، ستەمکاری، تەماعکاری، وردەکاری و گەچ کاری و...).

# مانای زانستی

ئەم زاراوەیە(ئەدەبی بەراوردکاری) لەڕووی زانستیەوە بۆ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بەکار دێ کەئیشی دۆزینەوەو ساغ کردنەوەو ڕون کردنەوەی کاریگەری نێوان ئەو ئەدەبانەیە کە کاریان لەیەك کردووەو سودیان بەیەك گەیاندووە، بۆیە مەرج نییە هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی کە بەراوردکردنی تێدابوو بەئەدەبی بەراوردکاری بدرێتە قەڵەم. بەراورد ئەو کاتە دەبێتە بەراوردی زانستی کە پەیوەندی مێژوویی لە نێوان هەردوو جەمسەری ئەو باسانە بێ کە بەراورد دەکرێن، چونکە ئەدەبی بەراوردکاری وەك زانستێك لەبەر رۆشنایی سەبارەتی مێژووییدا بایەخ بەڕوونکردنەوەی کاریگەری ئەدەبی دەدا، ئەوەنیشان دەدات، کەی و چۆن و لەکوێوە ئەدەبی نەتەوایەتی کەوتۆتە بەر شاڵاوی کاریگەری ئەدەبی بێگانەو چۆن سودی لێ بینیوەو چۆن شان بەشانی سود وەرگرتنەکەش رەسەنایەتی خۆی پاراستووەو نەلەقاوەسیمای نەتەوایەتی خۆی نەدۆڕاندووە، بەدوای بەڵگەشدا دەگەڕێت تاکو پەیوەندی نێوان دوو ئەدەبەکە بسەلمێنێ و ئینجا ئەنجامی کاریگەریەکە شی دەکاتەوە.

کەواتە ئەدەبی بەراوردکاری لێکۆڵینەوە لەئەدەبی نەتەوایەتی دەکات لەڕووی پەیوەندی مێژوویی ئەدەبی نەتەوایەتی بەئەدەبی نەتەوەکانی ترەوە. بەراوردکاری کارتێکردنی دوونەتەوە دەردەخات و باسی پەیوەندی نێوان دوونووسەر دەکات کەبەرهەمی ئەدەبییان لەیەك بکات و هەر یەکە سەر بەرەگەزو نەتەوەیەك بێت و سنورێکی سیاسی و جوگرافیان لەنێوان دابێت. بەڵام دەبێت ئەوە لەسەرەتاوە ساغ بکاتەوە کە بۆ پەیوەندییەکی مێژووی دەگەرێتەوە و یەکێکیان ئاگاداری بەرهەمی ئەویتریان بووەو سوودی لێ وەرگرتووە.

چان ماری دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری موازەنەی ئەدەبی نییە، مانای ئەوەنییە بەئاسانی لایەنی پێکچوونی رەوانبێژی نێوان(کۆرنێ و راسین)یان (ڤۆڵتێرو رۆسۆ)، باس بکەین، چونکە نابێت خۆمان بەلایەنی پێکچوون و جیاوازی نێوان دوو نووسەریان دووئەدەب خەریك بکەین، چونکە ئەدەبی بەراوردکاری واتە کارتێکردن و وەرگرتن و پەرەسەندن.

لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاوبگیرێت:

١- ئەدەبی نەتەوایەتی سنگی کردبێتەوە، دەستی بۆ ئەدەبێکی بێگانە دریژ کردبێ؛ جا چ سودی لێ وەرگرتبێ،یان سودی پێگەیاندبێ. سود وەرگرتنەکەش دیارو بەرچاوبێت.جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ وشاراوەبێت.

٢-دیارە ئەمەی سەرەوە ئەوە دەسەپێنێ کە بەرانبەر بەئەدەبە نەتەوایەتیەکە ئەدەبێکی بیگانە هەبێ، بەئەدەبە نەتەوایەتیەکە گەیشتبێ، سودی پێ گەیاندبێ وخوێنێکی گەرم و نوێی بەبەرداکردبێت.

٣- هەبوونی ئەو پەیوەندییە بەس نییە، دەبێ بەراوردکار ئاوڕلەم پەیوەندیە بداتەوە، ئەگەر زۆر ئاشکرانەبوو ئەوە دەبێت ئاشکرای بکات و، بیخاتە بەرچاوی خوێنەرانەوە.

٤- کەپەیوەندیەکەی بۆ ئاشکرا بوو دەبێ بەدوای بەڵگەی مێژوییدا بگەڕێ و بەتەواوی بیسەلمێنێ کە ئەم دو بەرهەمە سودیان لەیەکتر بینیوە،نەوەك پێکچوونەکە ئەنجامی کاریگەری مێژویی نەبێ و تەنیا بۆ پێکچوونی باری دەروون و ژیانی هەردولا بگەڕێتەوە،یان بەشێوەی رێکەوت بێت.

٥- ئەم دووئەدەبەی بەراوردکار لێیان دەکۆڵێتەوە دەبێت زمانی نووسینەوەیان جودا بێت و زادەی بیرو هزری نەتەوەیەك بێت.

٦-ئەگەر کاریگەری لەنێوان دوو ئەدەبدا هەبێت، دەبێت هۆکارێك هەبێت ئەم کاریگەریەی گواستبێتەوە. جا ئەرکی بەراوردکار ئەوەیە ئەم هۆیانە بدۆزێتەوەو ساغیان بکاتەوە.

٧-دوای ئەوەی ئەم شتانەی کەباسمان کردن هەموویان ساغ بوونەوە، بەراوردکار دێتە سەر هەردوو بەرهەمەکەو لەگەڵ یەکتریان بەراورد دەکات، کە ئامانج و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیە.

## گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری

**لێکۆڵێنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری سودێکی زۆری هەیە لە هەردوو بواری نەتەوایەتی و جیهانیدا:**

**لەبواری نەتەوەیی:** ١-شارەزایی پەیداکردن لەئەدەبیاتی بێگانە و بەراوردکردنی بە ئەدەبیاتی نەتەوەیی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەمارگیریی بۆ زمان و ئەدەبی نەتەوەیی.

٢- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری وا لەخوێنەردەکات، کە شارەزایی هەبێ لەسەر جیاکردنەوەی بەرهەمی رەسەن و نەتەوەیی لەگەڵ ئەوەی کە بیانی و غەوارەیە.

٣- هەر ئەدیبێك بابەتێکی وای هەیە، کەلە ئەدەبیاتێکی دیکەدا نییەو ئەوکاتە بەپێویست سوودی لێ وەردەگرێ و لەگەڵ ئەدەبەکەی خۆی موتوربەی دەکات. لەلایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەدەبی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەدەبیاتە کۆنەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووەو کاریان لەیەکدی کردووەو بەقەد کۆنیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پەیوەندییەکان کۆنن.

٤- زۆربەی زانکۆکانی جیهان و ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەدەبین گرنگی بەو زانستە دەدەن،چونکە ئەم لێکۆڵینەوانە خزمەتێکی باش پێشکەشی ئەدەبی نەتەوەیی و جیهانی دەکەن: لەوانەش

-مەبەستێکی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری خزمەتکردنی ئەدەبی نەتەوەییەو فراوانکردنی بازنەکەیەتی،جا چ لەڕووی رەگەزە ئەدەبیەکان یان بابەت و ئەو هزرانەی کەلەنێوان ئەدیبەکان دەخولێتەوە، چونکە بەراوردی ئەدەبی کۆمەڵێ رەگەزی ئەدەبی و هزری جیاجیا بە ئەدەبی نەتەوەیی ئاشنادەکات.

٥- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری چاوی ئەدیبەکان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی وێنەی وڵاتەکەیان لە ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکەدا ببینن، ئەمەش وایان لێ دەکات کە کەم و کورتیەکانی خۆیان بەدی بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

**سەبارەت بە ئەدەبی جیهانی لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەدەبی ئەم گرنگیانەی هەیە.**

١- لێکۆڵەران لەو دیاردە ئەدەبیانە دەکۆڵنەوەکە تایبەت نین بەئەدەبی نەتەوەیی بەڵکو بەهۆی بڵاوبوونەوەی سیفەتێکی جیهانیی وەرگرتووە.

٢-ئەم لێکۆڵینەوانە دەبنە هۆی زیاد بوونی لەیەکدی گەیشتنی نێوان گەلان و بۆچوونەکانیان لەیەکدی نزیك دەکاتەوە، ئەمەش وای لەهەندێکیان کرد کە داوای ئەدەبێکی جیهانی بکەن.

٣- زانستی بەراوردی ئەدەبی بووە هۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی هە ندێ زانستی ئەدەبیی وەکو رەخنەی ئەدەبی نوێ و مێژووی ئەدەب، ئەمەش بە دەستنیشانکردنی ئەوسەرچاوانە دەبێ کە نووسەرەکە یان شاعیرەکە لەئەدەبیاتی دیکەی وەرگرتووەو پەیوەندییان بەئەدەبە نەتەوەییەکەوە هەیە.

# ڕەگ و ڕیشەی بەراوردی ئەدەبی

-ئەدەبی یۆنانی کاریگەری بەسەر ئەدەبی ڕۆمانی داهەبووە.

-لەساڵی ١٤٦پ.م. لەبەرکزی باری رامیاری بەدەستی ڕۆمانەکان رووخا.

-ئەفلاتوون و ئەرستۆ پێیان وایە ئەدەب خۆی لەخۆیدا لاساییکردنەوەیەو گەر لاساییی ئەدەبێکی دیاریکراویشی نەکردبێتەوە ئەوا لاسایی سروشت و شتی مادی و جیهانی کردۆتەوە.

-هۆراسی ڕۆمانی دەیگوت: شوێن پێی نموونەکانی گریك هەڵگرن و بەشەوو ڕۆژ لێیان بکۆڵنەوە.

-رەخنەگرێکی یۆنانی بەناوی(**کانتیلیان** ٣٥-٩٦ پ.م)بەدرێژی باسی ئەم تیۆریەی هۆراسی کردووەو چەند بنەمایەکی بۆ داناوە، لەوانەش:

١- لاساییکردنەوەی نووسەرو شاعیران بنەمایەکی هونەرییەو نابێ پشتگوێ بخرێ.
٢-لاسایکردنەوە هێندەئاسان نییەو پسپۆری تایبەتی گەرەکە وەکو لاساییکردنەوەی سروشتە.
٣-لاساییکردنەوە تەنیا لە وشەو دەستەواژە نابێ بەڵکو پەیوەندیی بەگەوهەرو بابەتی ئەدەب و پڕۆگرامەکەیەوەهەیە.
٤- ئەوەی لاسایی یۆنانیەکان دەکاتەوە دەبێ بابەتەکانی هەڵبژێرێ و توانای جوداکردنەوەی چاك و خراپی هەیە.
٥-تەنیا لاساییکردنەوە مەبەست ناپێکێ و نابێ داهێنانی شاعیر پووچ بکاتەوە.

لەناوەڕاستی سەدەی شانزدەهەم لەفەڕەنسا ڕێبازێکی ئەدەبی بەناوی (لاپیلیاد،الثریا، پێروو)پەیدابوو...
ڕێبازی کلاسیزم لە فەرەنسا لەسەدەی حەڤدەهەم کە لە حەوت کەس **پێکهاتبوو(رۆنسار، دۆبیللی، ریمی بیلۆ، گودل، دۆرا، بائیف، پلیتی)**،
یەکەم ڕێبازی ئەدەبی بوو کە بەپڕۆگرام و بەیانێکی ئەدەبی رێك و پێك کاری کردبێت،(**رۆنسار**١٥٢٤-١٥٨٥)سەرۆك بوو.
تاقمی پێروو لەو باوەڕەبوون کەدەبێ زمانی فەرەنسی لەژێرچنگی لاتینیدا رزگار بکرێ و تەوژمێکی پێ بدرێ، ئەمەش بە ڕێگەی لاساییکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکان دەبێ کە وشەی نوێی لێ بەدەست بهێنرێت.
شاعیرەکانی پێروو بە تێگەیشتنەوە شتیان لە کلتوری سەدەکانی ناوەڕاست وەردەگرت و بەدوای نموونەی گریکی و لاتینیدا دەگەڕان.(**دۆرا**) رەخنەگرێکی وریابوو زانستیانەباسی لاسایکردنەوەی بۆ قوتابیەکانی دەکرد، باش سەری لە ئەدەبی بەراوردکاری دەردەچوو.

# مێژووی سەرهەڵدان وگەشەکردنی ئەدەبی بەراوردکاری

ئەدەبی بەراوردکاری لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بووە زانستێکی سەربەخۆ و لەڕەخنەی نوێ و مێژووی ئەدەب جودا بوویەوە،ئەمەش ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوو ولە ڕێگەی کاریگەری و کارتێکردنەوە گەلێ لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر پێشکەشکران و ئەمانەش بوونە هۆی کامڵبوونی زانستی بەراوردی ئەدەبی، بۆیە بە پێویست دەزانرێ کە ئاوڕێ لە گەشەکردنی مێژوویی بەراوردی ئەدەبی بدرێتەوە:

أ-تێۆریی لاساییکردنەوەی ئەدەبی لاتینی بۆ ئەدەبی یۆنانی:

یەکەم پەیوەندی نێوان دوو ئەدەب لە مێژووی کۆندا لە(١٤٦پ.م)ڕوویدا، هەرکە ڕۆمانیەکان کەوتنە ژێرکاریگەری یۆنانیەکانەوەو هۆراس ڕەگی لاسایی کردنەوەی چەسپاند.

ب-جیهانبینیی ئەدەبیاتی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا(١٤٥٣-٩٥):

هەرکە ئاینی مەسیحیی لەسەدەکانی ناوەڕاست لەئەورووپا بڵاوبوویەوە، وینەی ژیان لەهەموو وڵاتەکان گۆڕاو چەند سیفەتێکی گشتی ئەوروپای کۆدەکردەوە، لەوانەش دووچینی کۆمەڵایەتی بوون:

١- پیاوانی کەنیسە: ئەم چینە لەپەنای دەسەڵاتی گیانییەوە دونیایان دەخوارد وە پلەوپایەیان پێ وەردەگرت و سامانێکی زۆریان پێ کۆدەکردەوە تا وای لێهات لەسەردەمێکدا دەسەڵاتیان لەپاشاکان زیاتر بوو، لەسەردەمی جەنگی خاچیەکانیشدا خۆیان فەرمانیان بەپاشاکان دەدا.

٢- سوارەکان: ئەمانە لەگەڵ چینی یەکەم لەهەموو شتێك هاوبەش بوون وەگەورەترین دەرەبەگایەتی لەو سەردەمەدا پێکهاتوو بوونە خاوەنی زەوی ئەو کەسەی کەلە زەویەکەدا کار دەکات.

ج- تیۆری لاسایکردنەوەی سەردەمی بزوتنەوە لەسەدەی پازدەهەم و شازدەهەمدا:

ئەدەبیاتی ئەورووپی نزیکەی دەسەدە دیلی دەسەڵاتی کەنیسە بوو، تائەوکاتەی ئەدیبان دژئەو بارە نالەبارە وەستان و دووبارە داوای زیندوو کردنەوەی تیۆری لاساییکردنەوەیان دەکرد. ئەویش دوومەبەستی سەرەکی هەبوو: ١- زیندووکردنەوەی گەنجینەی ئەدەبی یۆنانی و لاتینی و لێکۆڵینەوەیان .

٢- هەوڵدان بۆ لاسایکردنەویان لە ئەدەبیاتی نەتەوەییدا، ئەمەش بووە هۆی زاڵ بوونی ئەدەبی ئەوروپی بەسەر ئەوانی دیکەدا. چونکە پێشتر هەموویان لەیەك بازنەدا دەخولانەوە، کەبریتی بوو لەبیرو باوەڕەکانی کەنیسەو خووڕەوشتی سوارچاکی.

ج-تیۆری لاسایی کردنەوەی سەردەمی بزووتنەوە لە سەدەی پانزدەهەم و شانزدەهەم دا:

ئەدەبیاتی ئەورووپی نزیکەی دەسەدە لەژێردەسەڵاتی کەنیسە دا بوو، تائەو کاتەی ئەدەبیان دژی ئەو بارودۆخە وەستانەوەو داوای دوبارە زیندووکردنەوەی تێۆری لاسایکردنەوەیان دەکرد، کە لای رۆمانەکان سەری هەڵدابوو، تیۆری لاساییکردنەوە لە سەردەمی بزووتنەوە دوو مەبەستی سەرەکی هەبوو:

١-زیندووکردنەوەی گەنجینەی ئەدەبی یۆنانی و لاتینی و لێکۆڵینەوەیان.

٢- هەوڵدان بۆ لاساییکردنەوەیان لە ئەدەبیاتی نەتەوەییدا، ئەمەش بووە هۆی زاڵبوونی ئەدەبی ئەوروپی بەسەر ئەوانی دیکەدا، چونکە پێشتر هەموویان لەیەك بازنە دەخولانەوە، کە بریتیی بوو لە بیروباوەڕەکانی کەنیسەو خوو و رەوشتی سوارچاکی. هەرچەندە پیاوانی کەنیسە دژی ئەم لاساییکردنەوە وەستان بە بیانووی ئەوەی کە ئەدەبیاتی یۆنانی و لاتینی بتپەرستن، بەڵام ئەو سروشتە مرۆڤایەتیەی کە لەو ئەدەبیاتانەدا هەبوو سەرکەوتنی بەسەر پیاوانی کەنیسە بەدەست هێنا.

مەرجەکانی تیۆریی لاساییکردنەوە ئەمانەبوون:

١- لاساییکردنەوە لە خودی خۆی مەبەست نەبوو، بەڵکو مەبەست لێی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبە نەتەوەییەکان بوو.

٢-لاساییکردنەوە تەنیا چاولێکەری ناگرێتەوە، بەڵکو خوێندنەوەو قبوڵکردن وکاریگەربوون بوو،بەو نموونانەی کە چاولێکەریان دەکرێتەوە، ئەوجا زاڵبوون بوو بەسەر ئەو نموونانەدا.

٣- مەبەست لە لاساییکردنەوە تێگەیشتنی ئەدەبی یۆنانی و لاتینییە، نەك لاساییکرنەوەی ئەدەبێك بەهەمان زمان.

د- یاسادانان لە سەردەمی کلاسیزمدا لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەهەمدا:

١-دانانی چەند رێسایەکی هونەری بۆ هەموو رەگەزێکی ئەدەبی.

٢-بریاردان لەسەر هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیی سەردەمی کلاسیزم.

ه- بەراوردی ئەدەبی و بزووتنەوەی رۆمانسیزم:

بزوتنەوەی کلاسیزم و رۆمانسیزم جیاوازییان هەیە، بەکورتی ئەمانەن:

١- کلاسیزم داوای لە نووسەر دەکرد بەرهەمەکەی وێنەی کۆمەڵگەکەی بێت و ئەدیبێکی پەیامداربێت. بەڵام رۆمانسیزم هەموو ئەمانەی لەناوبرد و ئەدیبی ئازاد کرد، کە هەرچی بەخەیاڵیدا دێت بیخاتە سەر کاغەز بێ پابەندبوون بە کۆمەڵگە و نەریتەکانی.

٢-کلاسیزمەکان پەیوەندیان بەکۆمەڵگەوە هەبوو، بۆیە ژیریان بەپێشەوای کاروباریان دادەنا. بەڵام رۆمانسیزمەکان لە رۆمانسیەت هەڵگەرانەوەو بەکۆسپی سەر ڕێگای ئەدەبیان دەزانی و متمانەیان کردە سەر خۆشەویستی و سۆز.

٣-لای کلاسیزمەکان ئەدیب نابێت لە حەقیقەت لابدا. بەلام رۆمانسیزم لە حەقیقەت دوورکەوتەوەو بەرەو جوانی و هەستکردن بەجوانییە.

٤-کلاسیزم یەك جۆرە یاسای و دەستوری بۆ هەموو ئەوروپیەکان دانابوو. بەڵام کە رۆمانسیزم سەرکەوتو هەرناوچەیەك بەزمانی خۆی دەینووسی.

## ١ - قوتابخانەی فەرەنسی:

- بەکۆنترین قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێت، ئەم قوتابخانەیە چاولێکەری و مێژوویشی پێدەگوترێت، **پێڕەوی ئەم قوتابخانەیە بریتییە لە هەبوونی پەیوەندی کارتێکردن و کاریگەر بوون لەنێوان دوونموونەی ئەدەبی یان دوو دەقی جیاواز لە زماندا، زۆربەی رەخنەگرانی فەرەنسا لەسەر ئەم رایەن، بەڵام هەندێکیان لەوانەش (رینیە ویلیک) لە کتێبی (تیۆریی ئەدەب) مەرجی جیاوازیی زمان رەت دەکاتەوە.**

- **لای فەرەنسییەکان هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنی تایبەتمەندی و کولتور و نەریتی خۆیەتی و بۆیە کێشەکان جیاوازن و بەم پێیە ئەدەبەکانیشیان جیاوازن، کەواتە لێکچوونی ئەدەبەکان بۆ بنەمای کارتێکردن و کاریگەربوون دەگەڕێتەوە.**

- بنەمایەکی دیکەی قوتابخانەی فەرەنسی لایەنی مێژووییە، واتە ئەگەر پەیوەندیی مێژوویی لە نێوان ئەو ئەدەبە جیاوازانە هەبوو ئەوا بەراوردەکە زانستی و شیاوە، بەڵام ئەگەر ئەم پەیوەنییە نەسەلمێنرا ئەوا بە بەراورد حسێب ناکرێت.
- بنەمای کارتێکردن و کاریگەربوون لە نێوان ئەدەبیاتە جیاوازەکان یارمەتیی توێژەر دەدات تا بزانێ ئەو ئەدەبە چیی داوە و چی وەرگرتووە، هەروەها لە مێژووی ئەدەبیاتەکان دەکۆڵێتەوەو دەبێتە یارمەتیدەری مێژوو نوسانی ئەدەب بۆ تەواوکردنی مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەییان.

- **-قوتابخانەی ئەمریکی:**

- لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم پەیدابووە و ئەم قوتابخانەیە لە ژێر کاریگەریی قوتابخانەی فەرەنسی دامەزراوە و هەبوونی پەیوەندیی کارتێکردن و کاریگەربوون ناکاتە مەرجی بەراوردی ئەدەبی، بەڵکو گرنگی بە بەرامبەریکردنی دوو ئەدەب دەدات، بۆ ئەوەی پەیوەندییان ئاشکرابێ و هەروەها جیاوازی زمان رەت دەکاتەوە.بۆیە فەرەنسیەکان لایان وایە کە لێکۆڵینەوەی ئەمریکیەکان تەنیا وەرزشێکی مێشکییەو سەر بە بەراوردی ئەدەبی نییە.

- قوتابخانەی ئەمریکی بەم شێوەیە پێناسەی بەراوردی ئەدەبی دەکات: ئەو زانستەیە کە تەنیا لە ئەدەبی نەتەوەیی ناکۆڵێتەوە و سنوورەکان دەشکێنێ و لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و زانیاریەکانی دیکە دەکۆڵێتەوە، لەنێوان ئەدەب و وێنە کێشان و داتاشین و بیناسازی و مۆسیقا،یاخود لەنێوان ئەدەب و ئاین و ئاینزاکاندا.

قوتابخانەی فەرەنسی و ئەمریکی لەم خاڵانەدا کۆکن:

١-لە ئەدەبی خۆجێیی و ئەدەبی جیهانی هەمان پێڕەو پەیڕەوی دەکەن.

٢- هەردووکیان وەرگێڕان بەگرنگترین کێشەی بەراوردی ئەدەبی لەقەڵەم دەدەن، چونکە وەرگێڕان گۆڕینی وشە بە وشە نییە بەڵکو کارێکی داهێنەرانەیە و وەرگێڕەکان هۆکارن لە نێوان گواستنەوەی رۆشنبیریەکاندا.

٣- هەردووکیان لایان وایە ئەدەبی ئەوروپی یەکەیەکی یەکگرتووە لە لایەنی بابەت و شێوازەوە.

## قوتابخانەی ئیشتراکی(رووسی):

ئەم قوتابخانەیە لەناوەراستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵدا و هەندێ زانیاری زیادی بەخشی بەهۆی هاتنە ریزی لایەنی دیکەی جگە لە ئەدەب بۆگۆڕەپانی لێکۆڵینەوە بەراوردکاریەکان. (فیکتۆر جیرۆمۆنسکی) دیارترین نوێنەری ئەم قوتابخانەیەیە، توانی لەسەر تیۆریی ئەدەبی مارکسی کەپەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان دیاردە ئەدەبییەکان و بنیاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە هەیە. تیۆریەکی تازە بەناوی (لێکچوونی جۆری)دابنێ. چونکە هەندێك لێکچوونی نێوان ئەدەبەکان هەن ناتوانرێت بۆ مەسەلەی کارتێکردن و کاریگەربوون بگێڕدرێتەوە، بەڵام دەتوانرێت بۆ ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگاکان بگەرێندرێتەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی گەشەکردنیان لێکچووە، بنیاتی ئەدەبیشیان لێکچووە. ئەوانەی گەشەکردنیان جیاوازە، بنیاتی ئەدەبیشیان لێك جیاوازە.

## أ-جیاوازییەکان:

١-بەپێی مێژووی پەیدابوونیان قوتابخانەی فەرەنسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم پەیدابووە، لەدوای ئەویش قوتابخانەی ئەمریکی لەکۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم و رووسیش لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە، بۆچوونی واش هەیە کە بۆ سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

٢-لەبارەی بابەتی بەراوردکردن، قوتابخانەی فەرەنسی تەنیا ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە پەسند دەکات کەپەیوەندییان لەنێواندا هەبووە، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی بایەخ بە پەیوەندییەکان ناداو جەخت لەسەر بەها ئەدەبیەکانی دەق دەکا، قوتابخانەی رووسیش جەخت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کەبوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی.

٣- قوتابخانەی فەرەنسی پشت بە مێژووی ئەدەبی دەبەستێ و لایەنی هونەری و ستاتیکیەکان بۆ رەخنەی ئەدەبی بەجێ دێلێ، بەڵام قوتاتبخانەی ئەمریکی تیۆری ئەدەبی و رەوانبێژی بە دوو بواری گونجاو و لەبار دادەنێ کە شێوازەکانی بەراوردکاریی تێدا ئەنجام بدرێت، قوتابخانەی رووسیش پتر جەخت لەسەر ژینگەی ئەدەب دەکاتەوە چونکە پێی وایە کە گەشەکردنی ئەدەب لەئەنجامی پێویستیەکی حەتمی گەشەکردنی کۆمەڵەوە دروست دەبێت.

٤-بواری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە قوتابخانەی ئەمریکی فراوان دەبێ و هونەرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، قوتابخانەی رووسیش جەخت لەسەر کەشێکی جیهانی ئەدەبی دەکات، بەڵام مەودای قوتابخانەی فەرەنسی تەسکەو بەپێی بنەمای کارتێکردن و کاریگەربوون لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان لە نێوان دوو زمانی جیاواز دەکات.

٥- قوتابخانەی فەرەنسی هەر لە سەرەتاوە پشتی بەلایەنی مێژوویی و جیاوازیی زمان دەبەستا لە لێکۆڵینەوەکانی، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە ئەدەبی خۆماڵیی ئەمریکی دەبەستا وەکو بەرهەمەکانی(فۆکنەر، هەمنگوای، دۆسی باسوس)کە لەدەرەوەی ئەمریکاش ناوبانگیان هەبوو، قوتابخانەی رووسیش لە سەرەتاوە پشتی بە داستانە قارەمانییە میللییەکانەوە دەبەستا.

٦-قوتابخانەی فەرەنسی گرنگی بەلێکچوونە ئەدەبیە جیهانیەکان نادات گەر پەیوەندییان بەیەکەوە نەبووبێ، بەڵام هەردوو قوتابخانەی ئەمریکی و رووسی گرنگی بەم لێکۆڵینەوانە دەدەن.

٧-مەودای جوگرافیی قوتابخانەی فەرەنسی تەسکەو لەچوارچێوەی ئەوروپا ڕەت نابێت، بەڵام مەودای جوگرافیی قوتابخانەی ئەمریکی و رووسی فراوانە و هەموو جیهان دەگرێتەوە.

٨-قوتابخانەی فەرەنسی لە لێکۆڵینەوەکانی متمانە دەکاتە سەر فەلسەفەی وەزعی کەلەسەر بنەمای تاقیکردنەوەیی کاردەکات و بە بەڵگە لێکچوونە ئەدەبیەکان دەسەلمێنێ و خۆی کەڕ کردووە لە وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارەی کە دەڵێ: ئەودیاردە لێکچوونانە چۆن لێکدەدرێتەوە کە پەیوەندی کارتێکردنیان لەنێواندا نەبووە؟ بەڵام هەردوو قووتابخانەی ئەمریکی و رووسی لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەن و قوتابخانەی ئەمریکی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تەریب بوون و بەرانبەریدا لە نێوان ئەدەبەکان و قوتابخانەی رووسیش جەخت لەسەر لێکچوونە تیپۆلۆجیەکان- جۆریەکان دەکاتەوە. بەم پێیە قوتابخانەی ئەمریکی بەپێی تیۆریی رەخنەی نوێ و رووسی بەپێی تیۆری مادیی مارکس بۆ ئەدەب کاردەکات.

## ب- لێکچووەکان:

١- هەرسێ قوتابخانەکان لە لێکۆڵینەوەکانیان سنووری نەتەوەیی دەبەزێنن و سوود بەئەدەبی نەتەوەیی دەگەیەنن.

٢-ئامرازەکانی کارکردن لەهەرسێ قوتابخانەدا پێك دەچن، وەکو: وەرگێڕان، گەشت و گەڕان، جۆری وەرگرتن.

٣-هەرسێکیان بەسەرچاوەو بۆچوون و ئامانجەکانیان سەر بەرۆشنبیریی رۆژئاواییین و هەندێ جار بەراوردی ئەدەبی وەکو ئامرازێك لە ململانێی رۆشنبیریەکاندا بەکارهاتووە، هەرچەندە لەم دواییەدا لایەنگرانی قوتابخانەکان کاریان بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەب دەکەن.

٤-هەرسێ قوتابخانە لەو بڕوایەدان کەکار بۆ دەوڵەمەندکردنی بوارەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەکەن بەتایبەتی مێژووی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی، بەڵام هەریەکێکیان بەرێژەیەکی جودا لەوی دیکە کاریگەری و گرنگی خۆیان هەیە.

٥- لەهەرسێ قوتابخانەکاندا سنوورەکان بەکراوەیی دەمێننەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی فراوانتر ئەنجام بدرێن.

٦-هەرسێکیان هەموو بابەتەکانی ئەدەبی نووسراووئەدەبی سەرزارەکی- ئەگەر مەرجەکانی بەراوردکردنیان تێدابێ- دەخەنە ناو رێبازەکانیان.

٧- هەرسێ قوتابخانە مەرجی تایبەت بۆ لێکۆڵەری بواری بەراوردی ئەدەبی دادەنێن و دەبێت پێیانەوە پابەند بێت، لەوانەش: دەبێ خاوەن کەسێتیەکی رۆشنبیریی ئۆرگانیك بێت و رەخنەگرێکی زیاتر لە نەتەوەیەك بێت و دەقە جیاوازەکان بە زمانی خۆیان بخوێنێتەوەو شارەزای لێکۆڵینەوەبێت.

٨- قوتابخانەکان وەرگێڕانەکان بەگرنگترین کێشەکانی بەراوردی ئەدەبی دادەنێن، وەرگێڕان تەنیا گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی بێگانە نییە، بەڵکو کارێکی داهێنەرانەیەو سروشتی ئەو زمانە بە هەند هەڵدەگرێ کە لێیەوە وەردەگێڕدرێ، وەرگێڕەکان پێناون لەنێوان کولتوورەکاندا.

**قوتابخانەی ئەڵمانی:**

**ئەم قوتابخانەیەش چەند بەراوردکارێکی دیاریان هەیەلەوانە(اورباخ ، کورتیسیۆس و هیرث و...) ئەڵمانیەکان شانازی دەکەن بە کراوەیی (هیردیر) و زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) کە گۆتە دینابوو و هەوڵی ڕاڤە کردنی ئەم زاراوەیە دەدەن لە هەوڵە تازەکانیاندا بانگەشەی بەکارهێنانی دەکەن. هەروەها سەرەنجی خوێنەرانیان ڕاکێشا بۆ مەسەلەی بابەتەکان، مەسەلەی بەجێ ماوە میللییەکان، تیۆری قۆناغی ئەدەبی و هەوڵیاندا خۆیان جیا بکەنەوە لە فرەنسییەکان لە راڤە کردنی ئەم مەسەلانەدا. لەڕووی مەسەلەی کاریگەری و وەرگرتن جۆرە چاکبوونەوەیەک هەیە لە نێوان قوتابخانەی فەرەنسی و ئەڵمانی هەرچەندە ئەڵمانیەکان ڕەخنەیان بۆ رێبازی مێژوویی فەرەنسی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش راڤەی دەکەن بە ڕێگای تایبەتی خۆیان .**

# مەرجەکانی لێکۆڵەر

سەبارەت بەو مەرجانەی کە دەبێ لە لێکۆڵەری بواری ئەدەبی بەراوردکاری دا هەبێت، بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی قوتابخانەکان لەسەر چەند خاڵێکدا ڕێککەوتوون، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. زانینی دوو زمان یان زیاتر( خوێندنەوە نەک قسەکردن).

٢. زانیارییەکی بنچینەیی هەبێت، دەربارەی ئەدەبیاتە جیاوازەکان.

٣. ئامادەیی تیابێت بۆ خوێندنەوەی هەندێ لە بابەتەکان بەزمانی بیانی.

٤. هۆشیاریەکی زانستی ئەدەبی هەبێت، سەبارەت بەکێشەکە و گرفتەکان.

- هۆیەکانی پەڕینەوەی کارتێکردنی ئەدەبی

- ئەدەبی هەرنەتەوەیەک کە شاکارێکی بڵندی لێ هەڵکەوت و وەکو لوتکەیەک بەسەر بەرهەمی نەتەوەی خۆی و نەتەوەکانی تریدا روانی کەم و زۆر کار لەبەرهەمی ئەدەبی نەتەوەکانی تر دەکا، جا شوێنی کارتێکردنەکەشی کەم تا زۆر بەگوێرەی زەوق و چەشە و بەهرە و توانای نوسەرەکەوە، بە ئەدەبەکەیەوە دیارە، هەر ئەم رێ و شوێنەشە کە دەبێتە سەری تاڵە دەزویەک و بەراوردکار تا کۆتایی گلۆڵەکە هەمووی هەڵدەکاتەوە. ئەگەر وێکچونەکەی نێو دو بەرهەمەکە رێکەوت بێ و کەس ئاگای لەکەس نەبو بێ لێکۆڵینەوەکە ناکەوێتە خانەی بەراوردی زانستی و بایەخێکی وای نابێ.

## هۆیەکانی پەڕینەوەی کارتێکردنی ئەدەبی ئەمانەن:

**١- هۆکاری گشتی ٢- هۆکاریی تایبەتی**

## یەکەم: هۆکارە گشتیەکان:

١- یەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی گواستنەوەی کاریگەری ئەدەبی ئەوەیە کەنووسەران و ئەدیبان و بەهرەداران هەست بکەن بەوەی کە ئەدەبی نەتەوایەتی چەقیوە وەکو گۆمی وەستاوی بەسەر هاتووە.

٢-دەربەدەری و ئاوارەبوونی نوسەرێك یان چەند نووسەرێك، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لەناو نەتەوەیەکەوە بۆناو نەتەوەیەکی تر.

٣-یەکێك لەهۆکارەکانی تری پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی جەنگە.

٤- هۆکارێکی تریش دەسەڵاتی سیاسی و داگیرکردن و ژێردەستەییە.

٥- هۆکاری ئاینیش یەکێکە لەهۆکارە دیار و بەرچاوەکان.

٦- هۆکاری بازرگانیش بەهۆکارێکی گشتی دادەنرێت بۆگواستنەوەی کاریگەری ئەدەبی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا.

## مێژووی بەراوردی ئەدەبی لەهەندێ وڵاتانی جیهاندا

### ١- مێژووی بەراوردی ئەدەبی لە فەرەنسا:

بەراوردی ئەدەبی لە فەرەنسا لەسەر بنەمای پەیوەندی ڕۆشنبیریەکان پەیدا بووە، نووسینەکانیش بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕیتەوە، ئەمەش لەئەنجامی کۆمەڵێك بارو دۆخی تایبەتدالەوانەش:

١-بەرەواجبوونی گیانی جیهانی لەئەورووپا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە کە بڕوای بەنزیکبوونەوەو کرانەوە هەیەو دژی گۆشە گیرییە.

٢- پاشەکشەکردنی زەوقی کلاسیزمی لەدەمارگیری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری، فەرەنسیەکان لەوە پەشیمان بوونەوەکە زەوقیان باڵایەو بەسەر ئەورووپادا باڵادەستە وەخەڵکی باوەڕیان بەڕیژەی زەوق هەبوو.

٣-پەیدابوونی گەلێ لەونەتەوانەی کە تازە خۆیان دەناسی وەسەدەی نۆزدەم بەسەدەی نەتەوەکان ناسرا، کەدەستیان کرد بەگرنگیدان بەمێژوو وخورەوشت و کولتوری میللی.

٤-گەشەکردنی بزووتنەوەی دۆزینەوەی جوگرافی و گەشتکردن بۆ ناوچە نادیارەکانی جیهان، ئەمەش بووە هۆی لێکۆڵینەوەو بەراوردکردنیان لەگەڵ کۆمەڵگارۆژئاواییەکان.

٥- بەکارهێنانی پرۆگرامی بەراوردکاری لەزانستە سروشتیەکاندا، ئەمە لەسەر بەراوردکردنی دیاردە لێکچووەکان بنیات نراوە بۆ دەرخستنی ئەدگارە هاوبەشەکان و هەڵێنجانی یاساکان.

کاتی خۆی (**مەدام دیستایل**)لەنووسینەکانی ستایشی ئەدەبی ئەڵمانی کردبوو،ڤێلمان لەوانەکەیدا، زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەکار هێنابوو، وەڕوونی کردبۆوە کەدەیەوێت بزانێت فەرەنسیەکان چیان لەئەدەبەکانی دی وەرگرتووە و چیشیان پێشکەش کردووە.

یەکێکی دیکە لە پێشەنگە فەرەنسیەکان(**جۆن جاك ئەمپێر**)دەیویست وانەی بەراوردی هەموو شیعرەکان جێبەجێ بکات، پێی وابوو ئەدەب زانستێکە دەکەوێتە نێوان مێژوو و فەلسەفە، هەروەها فەلسەفەی ئەدەبیات و هونەرەکان لە مێژووی بەراوردی ئەدەبیات و هونەرەکانی گەلان دەردەچێ.

-(**سانت بیڤ**)ی فەرەنسی لەوتارەکانیدا لەبارەی بەراوردی ئەدەبی لە گۆڤاری(عالمین ١٨٤٠- ١٨٦٠) هێمای بۆ ئەوە کردووە کە ئەدەبی بەراوردکاری بە فەزڵی(**جاك ئەمپێر**) پەیدابووە، ئەمەش ڕەتکردنەوەیەکی ڕۆڵی ڤێلمانە لەوبوارەدا.

- (**ڤیلاریت شال**)ە کە خاوەنی ئەم گوتانەیە: هیچ شتێ بە دوورە پەرێزی ناژی، دوورە پەرێزی ڕاستەقینە مردنە. دەڵێت خەڵك لەهەموو خەڵك وەردەگرێت، ئەمەش بەردەوام و جیهانییە، هەرگەلێك پەیوەندی هزریی بەگەلانی دیکەوە نەبێت ئەمە دابڕانە لەم تۆڕەگەورەیە.

(**شال**) داوای دەکرد کە مێژووی ئەدەب لەمێژووی فەلسەفەو رامیاری جودا نەکرێتەوە، دەویست مێژووی هزر دروست بکات و ڕوونی کاتەوە کە میللەتان لەناوخۆیاندا کاریان لێکدی کردووە. ئەم چالاکی و جەختکردنەوانەیان لەسەر بیرۆکەی پەیوەندیکردنی نێوان ئەدەبیاتەکان بیرۆکەی ئەدەبی بەراورد رەواجی سەندو بووە حەقیقەت. یەکەم کۆنگرەی ئەدەبیاتی نێودەوڵەتی کەلە پاریس لەساڵی ١٨٨٨ بەسترا یەکەم چاوپێکەوتن بوولەچوارچێوەی بەراوردی ئەدەبی کە (**هیگۆ**) شاعیری فەرەنسی سەرۆکایەتی دەکرد. لە١٩٠٠ لە پاریس کۆنگرەیەکی تر بەسترا هەنگاوێکی دیکەبوو بۆ دانانان بە بەراوردی ئەدەبی کە(**برونیتێر**)بەسەرۆکی بەشی مێژووی بەراوردی ئەدەبیات هەڵبژێردرا.

لەکۆنگرەی چوارەمی لێژنەی نێونەتەوەیی مێژووی ئەدەب لەپاریس لە ١٩٤٨ بەراوردی ئەدەبی بە یونسکۆ و ئەنجومەنی رۆشنبیریی ئەورووپی بەسترا، لەهۆڵەندا ١٩٥٨، ئوتریخت(نەمسا (١٩٦١)، سویسرا١٩٦٤، یوگسلاڤیا١٩٦٧،پاشان ویستیان لە ١٩٧٠ لە پاکستان بکرێ، بەڵام جەنگ ڕێگەی نەدا.

## ٢-مێژووی بەراوردی ئەدەبی لە ئەڵمانیادا:

ئەڵمانیا وڵاتی هێردەرو گۆتێ و ئەوانی ترە، کە خاوەن خۆرسکێکی مرۆڤایەتیی رەسەنن، ئامادەییەکی سروشتی بەراوردیان پێوە دیارە، تاسەردەمی ناوەڕاست گرێکەی کپ نەبووبوەوە، هەرچەندە خاوەن چالاکیەکی واش نەبووە لە بەراوردی ئەدەبی.

(**راسبەر دانیال موهوف**)یەکەم کەسبوو ئاماژەی بەگرنگی بەراوردی ئەدەبی دا، لەلێکۆڵینەوە زانکۆییەکان و یەکەم کەسبوو کە بەناوی(مێژووی ئەدەبی گشتی)خستیە پرۆگرامەوەو تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم ئاوا مایەوەو ئەڵمانیەکان دوای ئەوەی بەتێرو تەسەلی لە ئەدەبەکەی خۆیان کۆڵیەوە ئەوجا بەرەو ئەدەبەکانی دی چوون بە بۆچوونێکی ئەڵمانیانە.

-پرۆفیسۆر(**شمدت**)له ١٨٨٠ لەوانەیەکی لەزانکۆی ڤیەننا دەڵێ: مێژووی ئەدەب بەشێك بێ له مێژووی پەرەسەندنی رۆشنبیری و گیانیی ئەونەتەوانەی کەبەراوردی ئەدەبەکانیان دەکرێ.

-(**مۆریس کارێیر**)چەند کتێبێکی بڵاوکردەوەو پێڕەوێکی دانا بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتە لێکچووەکان له کارە ئەدەبییە جیاوازەکاندا، لەئەنجامدا بووە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراورد بۆ شیعرە جۆراوجۆرەکان.

بەراوردی ئەدەبی لەدوای١٨٨٧ کەوتە ناو لێکۆڵینەوەی زانکۆیی له ئەڵمانیا.

-پرۆفیسۆر(**ماکس کووخ**) یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئەدەبی بەراوردی دەرکرد بەدوو بەش: بەشی یەکەم بریتییە له مێژوویەکی خێرای ئەدەبی بەراوردکاری له ئەڵمانیا. بەشی دووەم بریتییە له لیستی ماوەکانی پسپۆڕی له ئەدەبی بەراوردکاری کەلەمانە پێکهاتووە:

١- هونەری وەرگێڕان.

٢- مێژووی شێوەو بابەتەئەدەبیەکان.

٣-مێژووی بیروباوەڕەکانی سەردەم.

٤-پەیوەندی نێوان مێژووی ئەدەب و مێژووی ڕامیاری.

٥- پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەرە شێوەکاریەکان.

٦- زانستی فۆلکلۆر گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن و رێزگرتن دوای ئەوەی کە لەلایەن زانکۆیەکانەوە پشتگوێ خرابوو.

هەروەها سیفەتی ئەکادیمی دایە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەوپڕوپوچ و قسەی نستەق. جگە لە مێژووی ئەدەب باسی مێژووی ئاینی و رامیاریشی کردو ئاماژەی بەکاریگەریی ئەدەبەکان لەسەریەکدی کرد.

دوای مشتومڕێکی زۆر بابەتی ئەدەبی بەراوردکاری خرایە ناو پێڕەوی ئەکادیمیی زانکۆیی، پرۆفیسۆر(**ارنست الستر**)جیاوازیی کرد لەنێوان پەیوەندی ئەدەبی جیهانی و بەراوردی ئەدەبی.

لەپێش جەنگی یەکەمی جیهانی دووتەوژم لە ئەڵمانیا پەیدابوون:

١- تەوژمێ زۆر گرنگی بە ئەدەبی نەتەوەیی دەدا.

٢-تەوژمێ باسی ئاسایش و یەکگرتنی ویلایەتە ئەوروپیەکان دەکاو هەوڵی لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەدەبی دەدا.

## مێژووی بەراوردی ئەدەبی لە ئیتاڵیا:

بەراوردی ئەدەبی لەئیتاڵیا بەهۆی دژایەتیکردنی رەخنەگری ئیتاڵی(**کرۆتشێ**) گرنگی پێ نەدراو دژی سەربەخۆیی و پڕۆگرامە سەربەخۆیەکەی بوو. لەگەڵ ئەمەشدا گەلێك لەمامۆستاکانی ئەدەب لەئیتاڵیا پەیڕەویی پڕۆگرامی بەراورد دەکەن لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی میللیان و پەیوەندییان بەئەدەبیاتی دەوروبەریان.(**مازینی**)ئیتاڵیی وەکو ئەوەو لەوتارەکەی کە لە١٨٢٩لە گۆڤاری ئەنتۆلۆجیا بڵاوی کردۆتەوە و دەڵێ: یەکێتی ئارەزوو و پێویستیەکان لە ئەوروپا هەیە.

(**فارنیلی**)قوتابیەکی کۆتشی بوو پڕۆگرامی بەراوردی دانا کە بریتی بوو لە کۆبوونەوەی مێژوو و کۆمەڵناسی و بیرۆکەی جوانی لای (**کرۆتشی**)، ئیدی لە پەیوەندیی ئەدەبی ئیتاڵی و ئەوروپی کۆڵرایەوە.

## مێژووی بەراوردی ئەدەبی لە ئینگلتەرا:

سەرەتای ئەدەبی بەراوردکاری بۆ سەردەمی شاژن(**فکتۆریا**)دەگەڕێتەوە، (**هنری هالام**) کتێبێکی دانا بەناوی(پێشەکیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئەوروپی لەسەردەمی پازدەم و شازدەم و حەڤدەم)و ئەم کتێبە لەنێوان ساڵانی( ١٨٣٧-١٨٣٩) بەچوار بەرگ بڵاوکرایەوە،(**هالام**) رای وایە یەکەم جار (**دانیال موهوف)ی** ئەڵمانی بنچینەی بەراوردی ئەدەبی داناوە.

-(**بۆسنت**)لە ١٨١٦ کتێبی ئەدەبی بەراوردکاری بەچاپ گەیاندوپێی وابوو ئەدەب لقێکە لە لقەکانی کۆمەڵناسیو ئەوەی دەیگوت پێچەوانەی مەبەستی بەراوردکارە فەرەنسیەکان بوو.

-لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی چەند هەوڵێك لەنێوان زانکۆ و ئەکادیمیەکان هەبوون، بۆئەوەی دان بە بەراوردی ئەدەبیدا بنێن،بەڵام ئەم هەوڵانە بەتوندی پێشیان لێگیرا.

گۆڤاری وەرزی لەزانکۆی (کاردیف)لەنێوان ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٦دەرچوو بەناوی(لێکۆڵینەوەکان لە ئەدەبی بەراوردکاری).پاش ماوەیەك زانکۆی(کەمبریدگ)چەند وانەیەکی سەرپشکی لەبەراوردی ئەدەبی دایە قوتابیان و زانکۆی(ئۆکسفۆرد) لە ١٩٦٨ یەکەم دکتۆرای لە بەراوردی ئەدەبی بەخشی. بەم شێوەیە بیرۆکەی بەراوردی ئەدەبی لەبەریتانیا بەهێواشی رێگای خۆی گرت و تالە زانکۆو دەوروبەرە رۆشنبیرییەکانی ئینگلیزی بەتەواوی چەسپا.

## مێژووی بەراوردی ئەدەبی لەئەمریکا:

ئەم مێژووە لەسێیەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەم دەست پێدەکات، سەرەرای ئەوەی کە هەوڵ هەبوو بۆ گرێدانی ئەدەبیاتی ئەوروپی لەگەڵ یەکتر لەسەر دەستی(**ئەمرسۆن و وێردزوێرپ و راسل**). قەشە(**تشارلز**)بووکە کورسی ئەدەبی بەراوردکاری پێدراو هێنایە ناو زانکۆکانی ئەمریکاوە. لە ١٩٠٢(**لین کوبر**)کورسی دووەمی وەرگرتووەو پاشان بووە بە سەرۆکی بەشی بەراوردی ئەدەبی لەزانکۆی(**کۆرنیل**)دا.

(**تشارلزجیلی**)لەزانکۆی میشینگان بابەتی رەخنەی بەراوردی ئەدەبی وەرگرت لە ١٨٨٧-١٨٨٩،پاشان لە زانکۆی کالیفۆرنیا بەشی بەراوردی ئەدەبی دامەزراندو بیروڕایەکانی لە گۆڤاری(دایال) بڵاو دەکردەوەو داوای کرد کە کۆمەڵەیەکی بەراوردی ئەدەبی لەئەمریکا دابمەزرێت. یەکەم کورسی بەراوردی ئەدەبی لەئەمریکا لەزانکۆی (هارفارد)لە ١٨٩٠-١٨٩١دامەزراندو (**ئارثەرمارش**)وەریگرت.

جەنگی دووەمی جیهانی ئەمریکای خستە ژیانی جیهان و جیهانی خستە ژیانی ئەمریکاوە، وشەکانی نێونەتەوەیی و جیهانی و گەردوونی دروشمی سەردەم بوون، جێی سەرسوڕمانە کە لێکۆڵینەوە بەراوردەکان لەماوەی کەمتر لەنەوەیەك گەشەی کرد، نزیکەی چل زانکۆ بەرنامەکانی بەراوردی ئەدەبی دەخوێنن و هەرسێ ساڵ جارێك کۆنگرەی بەراوردی ئەدەبی نەتەوەیی دەبەستێت.ئەمریکیەکان چەند رەخنەیەك لەبەراوردی ئەدەبی فەرەنسی دەگرن،لەوانەش:

١- روون نەبوونی پڕۆگرام و دەستنیشان نەکردنی بابەتەکان یاخود دەست نیشان نەکردنی هەندێ نەریتی تایبەت بە لێکۆڵینەوە.

٢-چەقبەستوویی لێکۆڵینەوەکان لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی تر.

٣-هەندێ هۆی نەتەوەیی و ئیعتیباراتی هەرێمی خۆیان دەخزێنە ناو لێکۆڵینەوەکەوە.

(**جان فرابییە**) کەپسپۆری ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاستە لە خوتبەکەی لە(**شابل هیل**)دانی بەبەراوردی هاوسەنگی داناوە لەئەدەبیاتی جیهانیدا لە بارەی ناوەڕۆك(بابەت و هزرەکان)و شێوەوە.

(**مارسیا باتایۆ**)رەزامەندی خۆی لەسەر بەراوردی بنیاتگەری دەربڕیوە کە بەرەو شیکردنەوەی ستاتیکی دەچێت و ئەمریکیەکان حەزی لێ دەکەن.

بەمجۆرە لەنزیکبوونەوەی هزری قوتابخانەی ئەمریکی و هزری بەراوردکارە نوێیە فەرەنسییەکان ئاراستەیەکی تازەی بەراوردی ئەدەبی پەیدابوو،کە بیرۆکەی کارتێکردن و پەیوەندییە مێژووییەکان لە لێکۆڵینەوەکان دووردەخاتەوەو داوای ئاوێتەکردنێکی وردی نێوان لێکۆڵینەوەی شیکاری و مێژوویی دەکات. لە ١٩٥٢ بەرگی یەکەمی(ساڵانەی ئەدەبی گشتی و ئەدەبی بەراورد)دەرچوو کە مامۆستاکانی زانکۆی سەرووی کارۆلینا بە سەرۆکایەتی فریدیك تاساڵی١٩٦٠ دەریان دەکرد.فردریك ١٩٥٤ کتێبێکی بەناوی (هێلکاریی گشتیی ئەدەبی بەراورد لەدانتی تا ئۆنێل)وەلە١٩٦٧زانکۆی ئەلینۆی گۆڤاری(لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری)ی دەردەکرد کەبریتیبوو لە مێژووی ئەدەب و مێژووی بیروباوەڕە گشتیەکان.

## مێژووی بەراوردی ئەدەبی لە ڕووسیا:

**ئەلسکاندەر فسلۆفسکی**یەکەمین بەراوردکارەکانی ڕووسیایە لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەم کە لێکۆڵینەوەکانی لەکولتووری میللی بوون و هەوڵی دەدا لە سەرنجەکانی خۆیەوە هەندێ یاسا بەدی بێنێ و بەراورد بکاتە زانستێکی زۆر وردو پتەو،ئەمەش یەکێك بوو لەو ڕەخنانەی کەلێی دەگیرا. یەکەم نەدووەی رەسمی لە مۆسکۆ لە١٩٥٧ بەسترا لەلایەن پەیمانگەی گۆرکێ بۆ ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی رووسی بووە تەوەرەی گفتوگۆ و باسەکانی. لەوکاتەوە ئەدگارەکانی قوتابخانەیەکی نوێی بەراوردی ئەدەبی سەری هەڵدا بەناوی قوتابخانەی رۆژهەڵاتی، کە رەخنەی لە قوتابخانەی فەرەنسی گرت کە لەسنوورێکی تەسکی کات و شوێن سەیری ئەدەبیات دەکاتو لەبارەی کاتیشەوە بۆ سێ بەش دابەشی کردووە(کۆن، ناوەراست و نوێ )سەبارەت بەشوێنیش(سلاڤی و رۆژهەڵات)ی پشتگوێ خستووە. بۆیە هەوڵیدا هاوکێشەیەك لەنێوان رۆشنبیری رۆژهەڵات و رۆژئاوا پەیدا بکات.

لێکۆڵینەوەکانیان بەرەو سێ بنەمای سەرەکی بوون:

١-پێکهێنانی ئەدەبێکی جیهانی کەئەدەبیاتی جیهانی سێیەمی ئەفریقاوئاسیا شوێنی خۆیان لەتەك ئەدەبیاتە ئەورووپیە گەورەکان بگرن.

٢-پایەیەکی بەرز بدرێتە ئەدەبی سلاڤی بەو پێیەی کە ئامرازی پەیوەندییە لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا و چەرخی ناوەراست و چەرخە نوێیەکان.

٣-نوێکردنەوەی رەخنەی ئەدەبی بەهۆی هزری مارکسی.

لەوڵاتەکانی کۆمەڵی سۆشیالزمی(مەجەر) لەپێشەوەیە لە بەراوردکاریی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی یەکەم گۆڤاری جیهانیی بەراوردی ئەدەبی لێ پەیدابوو کە (**ملتزل**)ی پرۆفیسۆری مەجەری کە هاوڕێی(**نیتشە**)بوو دەری دەکرد.

## مێژووی بەراوردی ئەدەبی لە میسردا:

میسر لەپەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەخۆیەوە بینیووەو وەکو بنکەیەکی پێشکەوتووی بەراوردی فەرەنسی بووە، بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی(محمدغنیمی هلال) لەفەرەنسا کە پسپۆریەکەی بەراوردکاری بوولە ١٩٥٣ کتێبێکی ئەدەبی بەراوردکاری داناو تا مردنی لە ١٩٦٨ بەردەوام بوو لەناساندنی ئەدەبی بەراوردکاری و چەسپاندنی. چەند هۆکارێك یارمەتی بەراوردی مەنهەجیان لەمیسردا لەوانە: ١- دوای شۆرشی میسری کەشێکی رۆشنبیری گشتی پەیدابوو،کە بەرەو لایەنی نەتەوەیی و شانازیکردن بە مێژوو و کولتورو ئەدەبی نەتەوەیی هەنگاوی ناو لەسەر بنەمایەکی زانستی سەیریان دەکرا.

٢-بەرەی پێشەنگەکان لەسییەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵێ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا کە وایکرد کرانەوەیەك بەرپا ببێ لەسەر رۆشنبیری جیهانی و ئەدەبیاتی بیانی.

٣- پەیوەندییە واقیعیەکانی میسر لەگەڵ ئەدەبیاتی نەتەوە موسڵمانەکان نەپچڕاو لەگەڵ ئەدەبیاتی رۆژ ئاواش بەردەوام بوو لە چەرخە نوێیەکاندا.

٤- چەند هەوڵێکی سەرەتایی بەراوردکاری کە شێوەی هاوسەنگی وەرگرتبوو لە نێوان ژیارەکان یاخود ئەدەبیاتەکاندا.

## قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری:

لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا چەند قوتابخانەیەك هەن کە هەریەکێکیان خاوەن ڕاوبۆ چوونی خۆیانن سەبارەت بەو مەرج و بنەمایانەی کەدەبێ رەچاو بکرێت لەلایەن توێژەروخەم خۆرانی ئەم بوارەدا هەرچەندە هەندێ رەخنەگرهەیە وەك(رینیە ئەتیامیل)وای بۆدەچێ قوتابخانە لەئەدەبی بەراوردکاریدا بوونی نییە، چونکە کۆمەڵێك مەرج و بنەمای بۆدادەنرێت بەپێی ئەو وڵاتەی کە تیایدا دەژی، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەگەر بەرنامەو پڕۆگرامێك هەبێت ئەوا بابەتەکە زیاتر زانستی دەبێت و دووردەکەوێتەوە لە هەموو بڕیارێکی خودی یان تاکەکەسی لەڕووی قوتابخانەکانەوە هەروەك وتمان چەندین قوتابخانە هەیە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چوارقوتابخانە دەخینەڕوو:

## ١- قوتابخانەی فەرەنسی:

بەکۆنترین قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێت،پشت بە گۆرینەوە ئەدەبییەکان دەبەستێت و ناسینی کارلێکەرو کارلێکراو وەهۆو ئەنجام لەچوارچێوەی ڕێبازێکی مێژووییدا.(ماریۆس فرانسوا گوییار)نوسەرێکی سەر بەم قوتابخانەیەوە دەڵێت:(ئەدەبی بەراوردکاری لەسنوورەکانی زمانەوانی یاخود نەتەوەییدا دەبوژێتەوە، لەپڕۆسەکانی ئاڵوگۆڕی بابەتەکان و هزرەکان و کتێبەکاندا یان هەستەکانی نێوان دووئەدەب یا زیاتر شوێن پێیان هەڵدەگرێ.لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری جەخت دەکاتەوە سەر مێژووی لێکۆڵینەوەدا، چونکە ناسینەوەی مێژوویی مەرجێکە لەگرنگترین مەرجەکانی بەراوردکردن. بۆیە پەیڕەوکەرانی ئەم قوتابخانەیە بایەخێکی زۆریان بەم مەرجە دەدا، کەلەسەرووی بایەخدانیان بوو بەرەخنەی ئەدەبی بەراوردکاری.

قوتابخانەی ئەمریکی: ئەم قوتابخانەیە پشت نابەستێت بەلێکۆڵینەوەی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان دوو ئەدەب یا زیاتر، بەڵکو پەیرەوکەرانی ئەم قوتابخانەیە دیراسەی وێکچوون وجیاوازی نێوان دوو دیاردەی ئەدەبی دەکەن لەدوو زمانی جیاوازدا یا زیاتر، هەروەها تێکەڵاوییەك لەم قوتابخانەیە بەدی دەکرێ لەنێوان ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتی زۆربەی جاریش ڕێبازی رەخنەیی بەکاردێنن لە دیراسەتەکانیاندا.(هنری ریماك)دەڵێت:بابەتی ئەدەبی بەراوردکاری پاڵ بە دیراسەتی ئەدەبی بۆ دوورتر وەدەنێ بۆ سنووریێکی تایبەت بە دەوڵەتێکی دیاریکراودا،کە دیراسەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەدەبو لایەنە مەعریفیەکانی تر دەگرێتە خۆ لە مانیش هونەرە جوانەکان و فەلسەفە و مێژوو زانستەکۆمەڵایەتیەکان و زانستە پراکتیکیەکان و ئاینیەکان. بەم جۆرە بواری مەعریفە زیادکراوە بۆ ئەدەبی بەراوردکاری، کە نابێت هەرلەبواری ئەدەبدا بەراوردکردن هەبێت،هەروەها پەیوەندی بەمەرج دانانێ و ڕێبازی مێژوویی ڕەت دەکاتەوە،لەبری ئەمە جەخت دەکاتە سەر جەوهەری هونەروئەدەب.رابەرانی ئەم قوتابخانەیە(رینیە ویلك، هاری لیفن و ئالدریج)ن

هەردوو قوتابخانەی فەرەنسی و ئەمریکی لەم خاڵانەدا کۆکن:

١- لەئەدەبی خۆجێیی و ئەدەبی ئەدەبی جیهانی هەمان پێڕەو پەیڕەوی دەکەن.

٢- هەردووکیان وەرگێڕان بە گرنگترین کێشەی بەراوردی ئەدەبی لەقەلەم دەدەن، چونکە وەرگێڕان گۆڕینی وشە بە وشە نییە بەڵکو کارێکی داهێنانەیە و وەرگێڕەکان هۆکارن لەنێوان گواستنەوەی رۆشنبیرییەکاندا.

٣- هەردووکیان لایان وایە ئەدەبی ئەوروپی یەکەیەکی یەکگرتووە لە لایەنی بابەت و شێوازەوە، ئەم قوتابخانەیە یەکێ لەرابەرانی(رینیەویلیك) بوو،دەقی ئەدەبی لەم قوتابخانەیە زیندەوەرێکی سەربەخۆیەو پەیوەندیی بە ژینگەو رەگەزو سەردەمەوە نییە،هەروەك(سانت بیڤ و تین)جەختیان لەسەر دەکردەوە، ئەمەش بۆ پێکهاتەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە کە فرەخێڵ و رەچەڵەکن و ئەمریکی بوون بەسەریاندا زاڵە.

## قوتابخانەی ئیشتراکی:

ئەم قوتابخانەیەش زاراوەی ئەدەبی بەراوردکاری بەکارهێنا هەروەك لای فرەنسییەکان و وشەی زانستی بۆ زیادکرد هەروەك لای ئەڵمانییەکان و وشەی ئیشتراکی وەك دەلالەتێکی ئایدۆلۆجی واتە بووبە زانستی ئەدەبی بەراوردکاری ئیشتراکی بەپێی ئەمەش ڕێبازی ماددیەتی مێژوویی و ماددیەتی جەدەلی بەکاردەهێنێ لە شیکردنەوەی دیاردە ئەدەبیەکان و دەبێ تێبینی ئەوەبکرێ کە ڕێبازی مێژوویی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو جیاوازە لەگەڵ ڕێبازی مێژووی ئەورووپی، هەروەها بایەخ دەدەن بەکارتێکەروکارتێکراو، بازنەی بەراورد فراوان دەکەن بۆ ئەوەی هەموو‌ئەدەبەکان لەجیهاندا بگرێتەوە ئەمەشیان بەکارهێناوە لە پڕاکتیکیەکانیانداو جگە لەمەش تاوەکو هەموو سەردەمە ئەدەبیەکان بگرێتەوە بەبێ وازهێنان لەتایبەتمەندیی زگماکی. پەیوەندیە ئاڵوگۆرکراوەکانیش لەچوارچێوەی تاکە پڕۆسەیەکی ئەدەبیدا لێی دەکۆڵدرێتەوە، وە دان بەبەربەستی زمان دادەنێن،بەڵام وەك فەرەنسیەکان نا،چونکە زمانە نەتەوەییەکان لەوێندەر زمانن نەك دیالێکت.(جیرمونسکی، سامرین وکۆلیشۆف)رابەری بەراوردکارە رووسیەکانن.

ئەم قوتابخانانە بەگشتی لەهەندێ جەمسەر بەیەك دەگەنەوەو لەهەندێکیان دژن، کەوابوو لێکچوون وجیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە لێرەدا بەپێی توانا ئاماژە بەو لێکچوون و جیاوازیانە دەکەین:

**أ-جیاوازییەکان:**

١-بەپێی مێژووی پەیدابوونیان قوتابخانەی فەرەنسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم پەیدابووە، لەدوای ئەویش قوتابخانەی ئەمریکی لەکۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەم و رووسیش لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە، بۆچوونی واش هەیە کە بۆ سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

٢-لەبارەی بابەتی بەراوردکردن، قوتابخانەی فەرەنسی تەنیا ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە پەسند دەکات کەپەیوەندییان لەنێواندا هەبووە، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی بایەخ بە پەیوەندییەکان ناداو جەخت لەسەر بەها ئەدەبیەکانی دەق دەکا، قوتابخانەی رووسیش جەخت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کەبوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی.

٣- قوتابخانەی فەرەنسی پشت بە مێژووی ئەدەبی دەبەستێ و لایەنی هونەری و ستاتیکیەکان بۆ رەخنەی ئەدەبی بەجێ دێلێ، بەڵام قوتاتبخانەی ئەمریکی تیۆری ئەدەبی و رەوانبێژی بە دوو بواری گونجاو و لەبار دادەنێ کە شێوازەکانی بەراوردکاریی تێدا ئەنجام بدرێت، قوتابخانەی رووسیش پتر جەخت لەسەر ژینگەی ئەدەب دەکاتەوە چونکە پێی وایە کە گەشەکردنی ئەدەب لەئەنجامی پێویستیەکی حەتمی گەشەکردنی کۆمەڵەوە دروست دەبێت.

٤-بواری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە قوتابخانەی ئەمریکی فراوان دەبێ و هونەرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، قوتابخانەی رووسیش جەخت لەسەر کەشێکی جیهانی ئەدەبی دەکات، بەڵام مەودای قوتابخانەی فەرەنسی تەسکەو بەپێی بنەمای کارتێکردن و کاریگەربوون لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان لە نێوان دوو زمانی جیاواز دەکات.

٥- قوتابخانەی فەرەنسی هەر لە سەرەتاوە پشتی بەلایەنی مێژوویی و جیاوازیی زمان دەبەستا لە لێکۆڵینەوەکانی، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە ئەدەبی خۆماڵیی ئەمریکی دەبەستا وەکو بەرهەمەکانی(فۆکنەر، هەمنگوای، دۆسی باسوس)کە لەدەرەوەی ئەمریکاش ناوبانگیان هەبوو، قوتابخانەی رووسیش لە سەرەتاوە پشتی بە داستانە قارەمانییە میللییەکانەوە دەبەستا.

٦-قوتابخانەی فەرەنسی گرنگی بەلێکچوونە ئەدەبیە جیهانیەکان نادات گەر پەیوەندییان بەیەکەوە نەبووبێ، بەڵام هەردوو قوتابخانەی ئەمریکی و رووسی گرنگی بەم لێکۆڵینەوانە دەدەن.

٧-مەودای جوگرافیی قوتابخانەی فەرەنسی تەسکەو لەچوارچێوەی ئەوروپا ڕەت نابێت، بەڵام مەودای جوگرافیی قوتابخانەی ئەمریکی و رووسی فراوانە و هەموو جیهان دەگرێتەوە.

٨-قوتابخانەی فەرەنسی لە لێکۆڵینەوەکانی متمانە دەکاتە سەر فەلسەفەی وەزعی کەلەسەر بنەمای تاقیکردنەوەیی کاردەکات و بە بەڵگە لێکچوونە ئەدەبیەکان دەسەلمێنێ و خۆی کەڕ کردووە لە وەڵامدانەوەی ئەوپرسیارەی کە دەڵێ: ئەودیاردەلێکچوونانە چۆن لێکدەدرێتەوە کە پەیوەندی کارتێکردنیان لەنێواندا نەبووە؟بەڵام هەردوو قووتابخانەی ئەمریکی و رووسی لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەن و قوتابخانەی ئەمریکی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تەریب بوون و بەرانبەریدا لە نێوان ئەدەبەکان و قوتابخانەی رووسیش جەخت لەسەر لێکچوونە تیپۆلۆجیەکان- جۆریەکان دەکاتەوە. بەم پێیە قوتابخانەی ئەمریکی بەپێی تیۆریی رەخنەی نوێ و رووسی بەپێی تیۆری مادیی مارکس بۆ ئەدەب کاردەکات.

## قوتابخانەی ئەڵمانی:

ئەڵمانییەکان شانازی دەکەن بە کراوەیی(هیردەر)و زاراوەی ئەدەبی جیهانی کە گۆتە داینابوو، هەوڵی راڤەکردنی ئەم زاراوەیە دەدەن لە هەوڵە تازەکانیاندا بانگەشەی بەکارهێنانی دەکەن، هەروەها سەرەنجی خوێنەرانیان ڕاکێشا بۆمەسەلەی(بابەتەکان، بەجێ ماوە میللییەکانو تیۆری قۆناغی ئەدەبی و هەوڵیاندا خۆیان جیابکەنەوە لە فەرەنسیەکان لەراڤەکردنی ئەم مەسەلانەدا.لەڕووی کاریگەری و وەرگرتن جۆرە چاکبوونەوەیەك هەیە لەنێوان قوتابخانەی فەرەنسی و ئەڵمانی، هەرچەندە ئەڵمانەکان ڕەخنەیان لە رێبازی مێژوویی فەرەنسی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راڤەی دەکەن بەڕێگای تایبەتی خۆیان و بەکاری دەهێنن لە پڕاکتیکەکانیاندا، چونکە یەکێ لە بۆچوونەکانیان سەبارەت بە جیاکردنەوەی کاریگەری لەگەڵ لاسایی ئەوەیەکە کاریگەری لاساییەکی نەستی یەو لاساییش کاریگەریەکی هەستییە.

هەروەها ئەڵمانەکان گرنگی بە مەسەلە(ئەفسانەییەکان)دەدەن بەشێوەیەکی تایبەت بەپێی ئەوەی کە بنەمای بنەڕەت بۆ داهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی بەرائەتی مرۆڤایەتیە سەرەتاییەکان یا منداڵیەتی نێو جیهانی(الطفولە العالمیە)بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم قوتابخانەیە بریتیە لە تێکەڵاوکردنی هەردوو قوتابخانەی(فەرەنسی وئەمریکی)بەڵام بەراڤەکردنێك ئەڵمانی. بەراوردکارە ئەڵمانیەکانیش:(**کۆرتیسیوس، اورباخ و هیرث**)ن.

## مەرجەکانی لێکۆلەر:

سەبارەت بەو مەرجانەی کەدەبێ لەلێکۆڵەری بواری ئەدەبی بەراوردکاری دا هەبێت بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی قوتابخانەکان لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتوون کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- زانینی دووزمان یا زیاتر(خوێندنەوە نەك قسەکردن).

٢-زانیاریەکی بنچینەیی هەبێت دەربارەی ئەدەبیاتە جیاوازەکان.

٣-ئامادەیی تیابێت بۆ خوێندنەوەی هەندێ لەبابەتەکان بەزمانی بیانی.

٤-هۆشیاریەکی زانستی ئەدەبی هەبێت سەبارەت بەکێشەکە.

## **دووەم هۆکاری تایبەتی:**

١- دەوری تاکەکەس:

٢-دەوری کۆرو کۆمەڵ و یانەی ئەدەبی:

٣-شار :

٤-رەخنگر:

٥-وەرگێڕووەرگێڕان:

## ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا:

میللەتی کوردیش هەروەك میللەتانی تر خاوەنی کلتورو ئەدەب و هونەری خۆیەتی،هەمیشە هەوڵی پەرەسەندن و بایەخ پێدانی بۆ داوە. ئێمەش میللەتێکین زیاترشتەکان وەردەگرین لەوەی دایبهێنیین ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی رامیاری کە هەمیشە بۆتەگرفتێك بۆ داهێنان. ئەدەبی بەراوردکاری وەکو زانست خۆی لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداوەو نووسەرانمان هەوڵی وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم زانستەیان داوە لەسەر ئەدەبی کوردیماندا جا ئەگەر زوو یان درەنگ، مەرجنییە هەموو گۆرانکاری و داهێنانەکانمان لە رۆژئاواوە وەرگرتبێت، بەڵام دانەبراوین لە وەرگرتن و گۆرانکاریەکان جا بەهۆی ئەدەبی رۆژئاوابێت یان ئەدەبی وڵاتانی دراوسێ بوبێت، ئەوا بۆئەدەبی ئێمە سوودبەخش بووەو توانراوە لەرێگەی ئەدیب و نووسەرانی ئەدەبی کوردیەوە شانبەشانی هۆکارە سەرەکی و لاوەکییەکان هاتۆتەناوئەدەبی نەتەوەکەمانەوەو وەکو زانستێك سوودی لێ وەرگیراوە بەکارهاتووە.